لیستی موچەی مانگی حوزەیرانی فەرمانبەرانی هەرێم هادەستی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدڕاڵ دەکرێت



وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم رایگەیاند، لیستی موچەی مانگی (حوزەیران/6)ی 2025 هادەستی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدڕاڵ کرا.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئەمڕۆ چوارشەممە لیستی موچەی مانگی (حوزەیران/6)ی فەرمانبەران و موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن تیمی تەکنیکی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستانەوە هادەستی فەرمانگەی ژمێریاری وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ کرا.

ئەوەش لەکاتێکدایە تا ئێستا حکومەتی فیدڕاڵی موچەی مانگی (ئایار/5)ی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستانی رەوانە نەکردووە، بۆ ناردنی پارەکەش مەرجی رادەستکردنی داهاتی نەوتی و نانەوتی و تەوتینی موچەی بۆ هەرێمی کوردستان دیاریکردووە.

لەبەرامبەریشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان، جەخت لەسەر پابەندبونی خۆی بەرکەوتنەکان لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ دەکاتەوە و دەڵێت، "بەغدا هەرجارە و بەبیانویەك ناردنی موچەی

فه□رما نبه□ران دواده□خات".